# Freddie Mercury

نووسینی ئازاد کەریمی



فەڕۆخ پۆلسەرە (Farokh Polsara)  ناسراو بە فرێدی مێرکوری (Freddie Mercury) گۆرانیبێژی بەناوبانگی بواری ڕاک خەڵکی بریتانیا و لەدایکبووی زەنگبار(تانزانیای ئەفریقا) لە بنەماڵەیەکی زەردەشتی هێندستانی بوو.

ناوی فەڕۆخ و نازناوی بولسارا و لە ساڵی ١٩٤٦ لەدایکبووە و ساڵی ١٩٩١ لە بریتانیا کۆچی دوایی کردووە.

هۆکاری مردنەکەی نەخۆشینی ئەیدز بووە. بۆلسارا هەمان پۆلسەرە یان سەرپێڵەی کوردی یە.

سەرپێڵ و زەهاو ناوچەیەکی بەناوبانگی کوردستانە و ئەکەوێتە بەشی گەرمێن لە هەرێمی پاڵەی دێرین.

پاڵە یان پاکڵە بە واتای ستوون هاتووە و پێڵەسەر یان سەرپێڵ بەواتای "پەلکەسەر" یان "سەر پەلکە"یە.

سەرپەلکە بەواتای دوو لاجانگی خۆشەیەرە یان بۆڵەترێ هاتووە.

ئەم هۆشەیەرە یان هۆشەترێ بریتییە لە ئەنگوتکەیەک لە گۆشتی لاپەراسووی پەروەردگار وا خۆی بە دەستی خۆی نقورچکی لەخۆی گرتووە و لە خۆی کردوەتەوە و لە بەرانبەر خۆیدا دایناوە وپاشان بە دوو دەستی بەتوانای ئافرێنەرانەی خۆی دەستی بەلاجانگی ئەم هۆشەترێدا گرتووە و هێزی خۆی پێداوە و ناخی کردوەتەوە بە بەریدا و تەقینەوە گەورەکە ڕووی داوە و ئەم جیهانە لێی درووست بووە.

ئەم تەقینەوە، "هەبوون"ی وەک مشتە ئاردێک بڵاو کردەوەتەوە بە پانتای سێبەری خۆشەترێ وا لە نێوان ئەم دوو پەلکەدا بووە. ئەم دوو پەلکە بە خارخار یان دوودڕوو، دووڕووە و دووانە، ئاندووە و دووانەی هامزاد ناسراون.

بۆیە ناوی ئایینی ئێمەی کورد لە سەرەتادا ئاردینی یان ئاردەوانی بووە.

ئەم دووانەییە لە مانگی نۆهەم دا واتە سەرەتای پاییز کە پێی ئەڵێن مانگی خۆشەترێ یان ئەرتەشە بەدی هاتووە.

بەهەرحاڵ نازناوی فرێدی مێرکوری سەرنجی ڕاکێشام بۆ ئەم بابەتە.

بەڵام مێرکوری واتە مانگی شەش یان تەنسەر کە پێی ئەڵێین مانگی دوموزید یان تەموز. جەنابی زەردەشت دوموزیدی بە زامیاد نووسیوەتەوە.

ڕاستە پۆلسارە هەمان پابیلساگ ی سۆمەری یە و دەکاتە خۆڵسەرە یان ئاخسەرە یان ئەخشەرە وئەوەش ناوێکی کۆنی کوردییە و خاکەسەر ناوێکی ناسراوە بۆ ئێمەی کورد. ئاخەسەر یان خاکەسەر واتە گردەنشین و دەروێش و خاکی بەرپێی یار کە هەمان خودایە.

ئەمانە ڕیشەی لە ئایینی بابی یان ئایینی تەرازووی دادپەروەری کە دەکاتە هەمان مانگی نۆ یان ئەرتەخشە.

پۆلسەرە یان پەلکەسەر برێتییە لە گرێی پەتی ئەو تەرازووە وا بابیەکانی بە دەسکی تەرازووەکەوە ڕاگرتووە و ئەم گرێیە لە برجی شەش واتە مانگی دوموزید یان تەمووزدایە.

دەسکی ئەم تەرازووە تیری تیردانەکەی ئیزەد ئێنلیل واتە جەنابی عزرائیلە.

له سێهەمی ئەم مانگەدا ئیزەد دوموزید ئیزەدی ناخ و ڕەوان چووەتە دنیای ژێر زەوییەوە لە خانەی بەراز یان ژێرخان. بۆیە پێی ئەڵێن شەهید یان ماتیر یان ماردی و بە لە سەرخان یان ورخان واتە بەرخ دا کە دەکاتە ڕووی زەوی دا بووە و پاشان چووەتە ژێرخان یان دنیای ژێر زەوی و سووڕی دەونادون یان چەمچاڵە دەستی پێکردووە. ئەگەر سەرنجتان دابێ عەرەب بە بەراز ئەڵێن خنزیر بێ ئەوەی خۆیان بزانن واتای چیە.

خنزیر هەمان زیرخن، زیرخان یان ژێرخان ە وا هەروەک ووتم هێماکەی بەرازە.

بەراز لە لای ئێمەی کورد بێ حورمەت نەکراوە بە تەواوەتی سەرەڕای ئەوەی ئیسلام بە حەرامی زانیوە.

لەبەر ئەوەی بەراز لای کورد واتە مەرد و شەهید. ئەوەش موسڵمانە عەرەبەکانی ناڕەحەت کردووە بۆیە نازناوی گەواد و بێ غیرەت و و سەرشۆڕی داوەتە پاڵ بەراز.

بەراز لە ماجەرای ئافراندنی جەنابی مەردوخ واتە ئیزەد میکاییل دا دووهەم شەڕوان بووە کە بەرەنگاری ئیزەد مەردوخ بووەتەوە و بە تیری جەنابی مەردوخ کوژراوە و لە خوێنی ئەم بەرازە ڕەزی ژیان کە ناخ تێیدا ڕەوان بووە تێراو بووە.